# گوتاری پیاوبوون ..

## گوتاری وەك باوك لێكردنی كوڕ

زیرەك عەبدوللاّ

"پێشكەشە بە دەسەلاّتی كوردی كاتێك دوای مێزگردێك یا وتارێك پێت دەلێت پیاوبە"

سەرەتا:

هەر كۆمەڵگایەكی مرۆیی لە ڕێڕەوی ژیانكردنی خۆیدا خاوەنی كولتورێك و سیستەمێكی كۆمەلاّیەتی تایبەتە, هەر سیستەمێكی كۆمەلاّیەتیش لە ڕەوتی روحلەبەربوونی خۆیدا جۆرێك لە پەروەردەكرنی كۆمەلاّیەتی تێدایە, كە بەپێی داب و نەریت و بەها و نۆرم و ئەخلاق و پرنسیپە باوەكانی كۆمەڵگا بەرێوەدەچێت, پەروەردەكردنی كۆمەلاّیەتی كە لەنێو بچوكترین یەكەی كۆمەلاّیەتی"خێزان" دەستپێدەكات,لە قوتابخانە و دامودەزگاكانیتری كۆمەڵگا بەردەوام دەبێت, مەبەست لێیەوە گواستنەوە و گۆڕینی مرۆڤە لە بوونەوەرێكی بایۆلۆژی, بۆ بوونەوەرێكی بایۆكولتوری"كۆمەلاّیەتی", واتا مەبەست لێیەوە بە كۆمەلاّیەتیكردنی تاكی كۆمەڵگایە, ئەمەش بۆ بەردەوامیدان بەو بەها و نۆرمانەی لەناو كۆمەڵگادا هەیە, هەروەها بەردەوامیدان بەو جۆرە ژیانكردنە, بەو سیستەم و نەسەقە كۆمەلاّیەتیەی كۆمەڵگا تیایدا دەژیێت.

هەرچەندە پەرەرودەكردنی كۆمەلاّیەتی بە یەكێك لە گرنگترین ئامرازەكانی كۆنترۆڵی كۆمەلاّیەتی دادەنرێت, بەلاّم دیسان پەروەردەكردنی كۆمەلاّیەتی بۆ ئەوەی كاركردەكەی بەرجەستە بكات, یا باشتر بلێم مەرامەكەی خۆی بپێكێت, ئەوا پێویستی بە بوونی ئامرازی یارمەتیدەر دەبێت كە ئامرازی زەبتكردنە, لێرەوە هەر كۆمەڵگایەكی مرۆیی سادە بێت یا ئاڵۆز, سەرەتایی بێت یا هاوچەرخ, كراوە بێت یا داخراو, ئامرازی تایبەتی زەبتكردنی تێدایە, كەوا لە ڕێگایەوە هەوڵدەدات بەردەوامی بە سیستەمی باوی خۆی بدات.

پەروەردەكردنی كۆمەلاّیەتی كە سەر بە ماڵی هەموو بوارە جیاجیاكانی كۆمەڵگایە "سیاسی – كۆمەلاّیەتی – ئابووری – ئاینی – ئەخلاقی...هتد", و دەبێتە میوانی سفرەی هەموویان, ئەوا پێویستی بە زاراوەگەلێك و چەمكگەلێكی نێو دونیای هەموو ئەو بوارانە دەبێت تاوەكو ئامانجەكانی خۆی بپێكێت, بۆ وێنە لەنێو بواری ئاینیدا چەمكگەلێكی وەك (حرامە, ڕۆژی قیامەت, دۆزەخ ....هتد), لەبواری كۆمەلاّیەتیشدا چەمكگەلێكی وەك (عەیبە, شەرمە, پیاوبە...هتد), بەهەمان شێوە لە بوارەكانیتریش چەمكگەلێكی زەبتكار ئامادەییان هەیە كە پەروەردەكردنی كۆمەلاّیەتی هەڵیقۆزتۆتەوە و لە خزمەت مەرامەكانی بەكاریان دەهێنێت.

وتمان هەر كۆمەڵگایەك ئامرازی زەبتكردنی تێدایە, بەلاّم ئامرازی زەبتكردن بەپێی جۆری كۆمەڵگاو نەسەقی كۆمەلاّیەتی و ئاستی پێشكەوتن جیاوازیان هەیە, دیسان ئامرازی زەبتكردن لەنێو خۆشیاندا ئاست و فۆرمی جیاوازیان هەیە, هەیانە لە ئاستی زمانەوەیە و

بەسادەیی و سانایی ئیشی خۆی دەكات دوور لە ڕووبەڕووبونەوە و بەریەككەوتن و توندوتیژی, هەیانە لە ئاستی هەڵسوكەوتكردن و ڕەفتاركردن و ئیجرائات وەرگرتن, سزادانی لە پشتەوە هەیە, سزاكانیش جۆراوجۆرن, لەوانە سزای جەستەیی وەكو بەكارهێنانی توندوتیژی و لێدان, یا سزای كۆمەڵایەتی وەكو بێبەشكردن لە هەندێك ماف, لە ئازادی, یا سزای ئابووری وەكو پێبژاردن و قەرەبۆكردن, یاسزای دەروونی وەك گۆشەگیركردن و بەندكردن.

لە ئایدیایەكی هەمەكی و ئیتیفاق لەسەركراودا كە زۆر لە سۆسیۆلۆژیستەكان جەختی لێدەكەن, ئامرازی زەبتكردن ئامرازی نەهێشتن و لەناوبردنی لادان و سەرەڕۆییە, لادانی تاك یا گروپ لەو سیستەمە كۆمەڵایەتیە, لەو جۆرە ژیانكردنە باوەی لەنێو كۆمەڵگادا ئامادەیی هەیە, بەو مانایەی وەزیفەی ئامرازی زەبتكردن نەهێشتنی لادانە لە بەهاو ئەخلاقیاتی باو, ئامرازی زەبتكردن لەخزمەتی كوشتنی لادان بەكاردەهێنرێت, لەكوێدا لادان هەبێت لەوێدا ئامرازی زەبتكردن دەبێت, لەكوێدا لادان بیەوێت خۆی بەیان بكات, لەوێدا ئامرازی زەبتكردن دێتەپێش و خۆی بەیان دەكات, شەڕی لادان و ئامرازی زەبتكردن, شەڕی دوو خەندەقی دژبەیەكی شەڕگەیەكە, شەڕێكە تیایدا هێز و بەرگری, هەنگاونان و پەلاماری هەر خەندەقێك زۆر و بەهێز بێت, ئەوا خەندەقی بەرامبەر تووشی شكست و لەبارچوون دێت, بەمەش نێوانە پێوەندی ئەم دوو خەندەقە پێچەوانە هاوڕێژەیە, بەمانایەكیتر تاوەكو هێز و بەرگری, هەنگاونان و پەلاماردانی خەندەقی لادان زۆر بێت, ئەوا ئامرازی زەبتكردن لاواز دەبێت, بەپێچەوانەشەوە هەر راستە, لێرەوە هەر كۆمەڵگایەك ئامرازی زەبتكردنی بەهێز بێت, ئەوا لادان لێیەوە كەم و ئاستەم دەبێت, هەر كۆمەڵگایەكیش ئامرازی زەبتكردنی لاواز بێت, ئەوا لادان لێیەوە زۆر و ئاسان دەبێت.

بە بۆچوونی من كۆی مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی شەڕی نێوان ئەم دوو خەندەقەیە, شەڕی لادان و نەهێشتنی لادان "زەبتكردن", هەموو ئەو شارستانیەت و بەرەوپێشچوونانەی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیوە, هەموو ئەو ڕۆشنكردن و ئاسانكردنەی ژیانی مرۆڤ, بەرهەمی ئەم شەڕەیە.

هەروەكو ئاماژەم بۆكرد ئامرازی زەبتكردن لە خزمەتی كوشتن و نەهێشتنی لادان بەكار دەهێنرێت, بەڵام لێرەدا قسە لەسەر ئەوەیە لادان چییە؟ چۆنە؟ بۆ چ مەبەستێك و لە چ ئاستێكدایە...هتد؟ لەگەڵیشیدا ئامرازی زەبتكردن چییە؟ چۆنە؟ بۆ چ مەبەستێك و لە چ ئاستێكدایە...هتد؟ لادان و ئامرازی زەبتكردن بەردەوام دژی یەكن, هەر یەكێكیان ڕووخسارێك و جەوهەرێك, عەقڵێك و مەبەستێكی تایبەتی هەیە, كە لە دەركەوتەكانیان دژی یەكن, لادان و ئامرازی زەبتكردن هەردووانەیان پەیوەستن بە شوێنكاتێكی تایبەتەوە, هەردووانەیان پێداویستی و زەرورەتی شوێنكاتێكن, كاتێك دوو شتی جیاواز "كە پێوەستی دوو زەمەنی جیاوازن" لە زەمەنێكدا كۆبكرێنەوە, ئەوا لە نێوانیان بەریەككەوتن و پێكدادان ڕوودەدات, ئەمەش بە مەبەستی كۆنترۆڵكردن و زاڵبوون بەسەر یەكتر.

لادان و ئامرازی زەبتکردن لە زەمەنێکی دیاریکراودا بەردەوام دژی یەکن, ئەگەر لادان لە ئێستادا گرنگ و سوودبەخش بێت, دیوێك یا فۆرمێکی پۆزەتیڤ وەربگرێت, ئەوا ئامرازی زەبتکردن لە دژی ئەم لادانە ناگرنگ و زەرەربەخش دەبێت, دیوێك یا فۆرمێکی نێگەتیڤ وەردەگرێت, بەپێچەوانەشەوە ئەگەر لادان لە ئێستادا ناگرنگ و زەرەربەخش بێت, دیوێك یا فۆرمێکی نێگەتیڤ وەربگرێت, ئەوا ئامرازی زەبتکردن لە دژی ئەم لادانە گرنگ و سوودبەخش دەبێت, دیوێك یافۆرمێکی پۆزەتیڤ وەردەگرێت, بەشێوەیەکیتر کاتێك لادان لە خزمەتی دزێوکردنی ژیانی مرۆڤایەتی و نەهێشتنی حورمەت و کەمکردنەوەی بەهای مرۆڤ بێت, کاتێك لادان هێرشکردن بێت بۆ سەر سنوورە سرووشتیەکانی مرۆڤ, تەسککردنەوەی ڤالای ژیان بێت لەبەردەم مرۆڤ, بەشێوەیەکی گشتی کاتێك لادان بۆ مەبەستی دواکەوتنی ئاستی ژیانی کۆمەڵگا بێت, لەبەرامبەریشدا ئامرازی زەبتکردن دژی ئەم خواست و ئامانجانە بێت, ئەوا ئەمجۆرە ئامرازە شایستە و عەقڵانیە و پێویست بەمانەوە و بەردەوامبوونی دەکات, لێرەدا لادان بە دیوە نێگەتیڤیەکەی و ئامرازی زەبتکردنیش بە دیوە پۆزەتیڤیەکەی خۆیان نمایش دەکەن, ئەمە لە سەرێکدا, کەچی لە سەرەکەیتردا کاتێك لادان لە خزمەتی جوانکردنی ژیانی مرۆڤایەتی و گێڕانەوەی حورمەت و زیادکردنی بەهای مرۆڤ بێت, کاتێك لادان بەرگریکردن بێت لە سنوورە سروشتیەکانی مرۆڤ, فراوانکردنی ڤالای ژیان بێت لەبەردەم مرۆڤ, بەشێوەیەکی گشتی کاتێك لادان بۆ مەبەستی پێشکەوتنی ئاستی ژیانی کۆمەڵگا بێت, لەبەرامبەریشدا ئامرازی زەبتکردن دژی ئەم خواست و ئامانجانە بێت, ئەوا ئەمجۆرە ئامرازە ناشایستە و ناعەقڵانیە و پێویست بە نەمان و لەناوچوونی دەکات, لێرەدا لادان بە دیوە پۆزەتیڤیەکەی و ئامرازی زەبتکردنیش بە دیوە نێگەتیڤیەکەی خۆیان نمایش دەکەن.

کاتێك ئامرازی زەبتکردن بە دیوە نێگەتیڤیەکەی براکسیسی ئیشی خۆی کرد, ئەوا دەبێت هەڵوەستەی بۆ بکرێت, و ڕاڤە بکرێت و سەرجەم ڕەهەند و ئاستە جیاجیاکانی بخرێتە بەر نیگای خوێندنەوە و لێکدانەوە, ئەمەش تاوەکو چیدی بەردەوامی پێنەدرێت.

ئەم نووسینەی بەردەست هەوڵدانێکە بۆ ئەگەری لە توانادابوونی ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی ڕەهەند و ئاستە جیاجیاکانی چەمکێکی باو کە لەنێو دونیای چەمکگەلە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان بەگشتی و کۆمەڵگای کوردیش بەتایبەتی ئامادەیی هەیە و لەشێوەی گوتارێك خۆی بەیان دەکات, ئەم گوتارە پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی هەڵیقۆزتۆتەوە وەکو ئامرازێکی زەبتکردن "بەڵام زۆرجار بە دیوە نێگەتیڤ"ەکەی بەکاریدەهێنێت, ئەویش چەمکی پیاوبوون "گوتاری پیاوبوون"ە, کەواتە ئەم نووسینە هەوڵدانێکە بۆ ئەگەری لە توانادابوونی خوێندنەوە و لێکدانەوەی گوتارێکی زاڵ و باوی نێو کۆمەڵگای کوردی ئەویش "گوتاری پیاو بوون"ە.

زەمەنێکی دوورمەودایە لەنێو کۆمەڵگای کوردی ئیش لەسەر ئاراستەکردنی گوتاری پیاوبوون دەکرێت, ئەو گوتارەی بە شێوازی جۆراوجۆر و لە شوێنکاتی جیاجیادا ڕووبەڕووی بەشێکی زۆری مرۆڤەکانی نێوی دەکرێتەوە و تیایدا پێیان دەوترێت "پیاوبە", ئەم ئیش لەسەرکردنە ئاراستەگرە بەردەوامە وایکردووە ڕۆژانە زیاد لە جارێك لێرە و لەوێ لەنێو کۆڕ و کۆبوونەوە و

سیمینار و قوتابخانه و زانکۆ و دیوەخانەی باوك و شوێنە گشتیەکان... هتد, گوێبیستی چەمکی پیاوبوون بە هەموو شێوازەکانیەوە بین.
ئەم ئیش لەسەرکردنە زنجیرئاسا بێپسانەوەیەی گوتار, ئیدی پێویستی بەهەڵوەستەکردن دەبێت, هەڵوەستەکردنێك بۆ ئەوەی پرسیاری جۆراوجۆری لەبارەوە بکەین, بپرسین مەبەست لە پیاوبوون "پیاوبە" چیە؟ سروشتی ئیشکردنی گوتاری پیاوبوون چۆنە؟ سەرەتایی سەرهەڵدان و هاتنەبوونی گوتار بۆکەی دەگەڕێتەوە, یا بەوێنەیەکیتر لە چ سەردەمێك و قۆناغێك و سیستەمێکی مێژوویی هاتۆتەبوون و خۆی پێگەیاندوە و ڕەگی خۆی لەنێو هەناوی کۆمەڵگادا داکوتاوە؟ ئایا گوتار لەگەڵ خواست و ویستە مرۆییەکانی مرۆڤ کۆك و تەبایە.. یاخود وابەستەی خواست و ویستگەلێکی چینێك یا توێژێکی کۆمەڵگایە؟ پێوەرەکانی پیاوبوون چین؟ ئایا پیاونەبوون پێچەوانە و دژکاری پیاوبوونە؟ ئایا گوتاری پیاوبوون گوتارێکی عەقلانیە؟ یا ناعەقلانی؟ ئەگەر ئەوەی دووەمە ئەوا چ گوتارێك دەکرێت شوێنی گوتاریی پیاوبوون بگرێتەوە, یا ئەلتەرناتیڤی بێت؟ بەمجۆرە کاتێك قسە لەسەر گوتاریی پیاوبوون دەکەین, ئەمانە و ڕستێك پرسیاری لەمجۆرە خۆیان بەڕووماندا بەرز دەکەنەوە کە لە تێڕوانینی منەوە پێویستیان بەوەڵامدانەوە و قسە لەسەرکردن دەبێت, قسەکردنیش لەم پرسیارە هەڵوەستە ئامێزانە یا گەڕان بەدوای وەڵامدانەوەیان ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ قسەکردنە لە ڕەهەند و مەوداکانی گوتار, گەڕانە بە دوای ئاشکراکردنی مەبەستە نهێنی و نادیارەکانیەتی, وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کەشفکردنی ڕووخسار و دیارخستنی بنەما شاراوەکانیەتی, دڕاندنی ماسکە بەسەر ویستە پەنهانە مەبەستدارەکانیەتی.
لێدوان لەم پرسیارانە لێدوانە لە دەستنیشانکردنی قۆناغ و مێژووی هاتنەبوونی گوتار, لێدوانە لە سروشت و چۆنیەتی ئیشکردنی, لەو فەزایە و لەو سیستەمە و لەو دونیابینیەی کە ڕێگا بۆ ئیشکردنی گوتار خۆش دەکات و دەرگا وابەستەییەکان بەڕوویدا ئاوەڵا و ئاقارەکانیش فراوان دەکات, لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێك دەرگای حەرام و ئاقاری تابۆ و خەتەر دروست دەکات کە لێدان و نزیکبونەوەیان قبوڵناکرێت, لێدوان لەم پرسیارانە لێدوانە لە عەقلانیەتی گوتار و چەندێتی تەبا هاتنەوەی لەگەڵ ڕەوتی هیومانیزمی مرۆڤ.

* * * *

### گوتار و مەبەستەکان

پێش ئەوەی لە مەبەستەکانی گوتار بدوێین, باشتروایە پێناسێکی کورت و پوختی بکەین, گوتاری پیاوبوون ئەو گوتارەیە کە دەسەلات بۆ نێرەکانی کۆمەڵگا, باوك بۆ کوڕەکانی, مەلا بۆ فەقێکانی, مامۆستا بۆ خوێندکارەکانی, وەستا بۆ شاگردەکانی, پارەدار بۆ بەردەستەکانی, بۆ مەبەستی جۆراوجۆر و بەشێوازی جیاجیا و لە شوێنکاتی ناچۆنیەکدا ئاراستەیی دەکات, و پێی دەڵێت پیاوبە.
یا بەوێنەیەکیتر ئەو گوتارە مەبەستدارەیە کە لە بینینێك و تێفکرینێکی باوکانەوە "پیاوانە" سەرچاوەی گرتووە و بۆ مەبەستی جۆراوجۆر "ڕێنمایکردن, دەستەمۆکردن, وەك خۆلێکردن,

کۆنترۆڵکردن.. هتد"و بە ستایلی جیاجیا لەسەرزەمینی ژیانکردنی هاوبەشدا ئاراستەی بچوك کراوە.

ئەگەر تێڕامانێکی قووڵ و لێکدانەوەیەکی وردبینانە بۆ گوتار بکەین, ئەوا دەبینین مەبەستی جیاجیا خۆی لە پشت ئاراستەکردنیەوە حەشارداوە, یەکێك لە مەبەستە هەرە دیار و بەرچاوەکانی گوتاری پیاوبوون ئەوەیە بچوك هاوشێوە و دووبارەی وێنەی گەورە بێت, بچوك کۆپیەکی نوسخەی گەورە بێت, واتا لەو شێوازە ژیکردنەدا بژیت کە گەورە گەرەکیەتی, ئەو جیهانبینی و ئەو تێفکرینەی هەبێت کە گەورە هەیەتی, بەکورتی یەکێك لە مەبەستە ئاشکراکانی وەك باوك لێکردنی کوڕە.

لەبەرئەوەی گوتاری پیاوبوون لە هەوڵی دووبارەکردنەوەی وێنەی گەورەیە لە بچوکدا, لەبەرئەوەی دەیەوێت بچوك دووبارەی وێنەی گەورە بێت, کەواتە مەبەستێکیتری ئەم گوتارە بەردەوامیدان و درێژدانە بەو ستایلی ژیانکردنەی کە وابەستەیی تێرکردنی حەز و ویستی باوکایەتیانەی باوکە, بەمەش گوتار بۆ ڕاگرتن و چەقبەستپێکردنی زەمەن ئاراستە دەکرێت, ڕاگرتنی ڕابردوو لە ئێستا و ئێستاش لە داهاتوو, چەقبەستپێکردنی دوێنێ لە ئیمڕۆ و ئیمڕۆش لە بەیانی.

لەلایکیتردا گوتار بۆ مەبەستی نەهێشتنی لادان بەکاردەهێنرێت, بۆ مەبەستی کۆنترۆڵکردنی تاك بەکاردەهێنرێت, ئەمەش بە سروشتی خۆی ڕێگرە لەبەردەم پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا, چونکە کۆمەڵگا چۆن پێش ناکەوێت ئەگەر لادان "بە دیوە پۆزەتیڤیەکەی" نەبێت, هەموو لادانێك سەرەتای تێکشکاندنی سیستەمێکی دۆگمای توندوتۆڵە, لادان خاڵی وەرچەرخانی تێکشکاندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی بە بتبووە, بنەمای بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگایە.

مەبەستێکیتری گوتار ئەوەیە حەز و ئیرادەی بچوك بکوژێت و خەونەکانی لە گۆڕنێت, واتا دەخوازێت بچوك ئەو بوونەوەرە ئامێرئاسا زەلیل و بێئیرادەیە بێت, ئەو بوونەوەرە بێحەز و بێتوانایە بێت کە گەورە گەرەکیەتی, بچوك خاوەنی جەستەی خۆی نەبێت و لەنێو ژیانی تایبەتی خۆیدا بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی خۆی نەبزوێت, بەڵکو گەورە خاوەنی جەستەی بە ئامێرکراوی بچوك بێت و بە ویستی خۆی بیبزوێنی و بڕیاریی بەسەردا بسەپێنێت, ئەمەش واتا مەبەستی دەستەمۆکردنی تاك "بچوك" و بەکارهێنانی بێت لە کاتی ناچۆنیەك و بۆ مەبەستی ناچۆنیەك.

بەکورتی گوتاری پیاوبوون وابەستەی پیاوە, پیاویش بۆیە ئەم گوتارە ئاراستە دەکات تاکو بەهۆیەوە دەسەڵاتدارێتی و بەرزەمنێتی لە ئێستا و ئایندە بۆ خۆی و هاوشێوەکەی لەنێو هەردوو پێکهاتەی خێزان بەتایبەتی و کۆمەڵگاش بەگشتی مسۆگەر بکات و ژیانێکی مەبەستدارانە بسازێنێت, ئەمەش تاوەکو دواجار تیایدا تەواوی ئارەزوو و خواستەکانی فەراهەم بکات, ئەمە لەلایەك لەلایەکیتردا بۆ ئەوەیەتی دەنگ و ڕەنگی بچووك ڕەشبکاتەوە و پرسیارکردن و بیرکردنەوەشی بکوژێت و نەهێڵێت بەرەو ڕێڕەو و ئاقاری ئەو ژیانەدا بچێت کە حەز و پێداویستییەکانی هەوڵی پەلکێشکردنی بۆ دەدات.

* * * *

## سروشتی ئیشکردنی گوتار

گوتاری پیاوبوون گوتارێکی تۆتالیتێرو هەمەلایەنە, لەنێو سەرجەم بوارە جیاجیاکانی "سیاسی, کۆمەڵایەتی, ئایینی, ئەخلاقی....هتد" بەدیدەکرێت.

گوتاری پیاوبوون لە سروشتی ئیشکردنی خۆیدا جووت جەمسەرە, لەسەرێکدا هەموو ئەم کاراکتەرانە ئامادەیە کە ڕۆڵی باوك دەگێڕن لە نێوانە پەیوەندیەکەدا, لەسەرەکەیتریش هەموو ئەو کاراکتەرانە ئامادەیە کە ڕۆڵی منداڵ دەگێڕن لە نێوانە پەیوەندیەکەدا, بۆ ئاسان بوون دەڵێین لە سەرێکدا باوك ئامادەیە و لەسەرەکەیتر کوڕ, باوك "گەورە" سیفەت و کارکردەی نێرەر هەڵدەگرێت, کەچی کوڕ "بچووك" سیفەت و کارکردەی وەرگر, لەنێو گوتاردا "باوك/ کوڕ" یا "گەورە/ بچووك" دوو وێنەی هاوشێوە و چۆنیەکی "سەنتەر/ پەراوێز" نمایش دەکەن, بەتایبەتی لە بڕیاردان و جێبەجێکردندا, گەورە بەردەوام ڕێنمایی بچوك دەکات, وابەستەییانە کار و فرمان ئاراستەی دەکات, ئەوەی لەسەر بچووکیشە تەنها بەرجەستەکردنیەتی و هیچیتر.

ئەم سروشتە گوتار بەرەو جۆرێك لە نیگاکردن و جۆرێك لە یاسادانان و ڕێنمایکردنی خۆویستانەی لایەنێك "باوك" دەبات, چونکە لەنێویدا تەنها ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی جەمسەرێك لەبەرچاو دەگیرێت بەبێ گوێپێدان و بەهەند هەڵگرتنی جەمسەری بەرامبەر, ئەمەش دەبێتە هەوێنی دروستبوونی ململانێیەك و ناکۆکییەکی ناوەکی لە نێوان هەردوو جەمسەردا , کە دواتر قسەی لە بارەوە دەکەین.

گوتاری پیاوبوون بەکاردەهێنرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی بچوك, بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کوڕ, بۆ نەهێشتنی ژیانکردنی کوڕ بە ئاراسەیەك کە خۆی گەرەکیەتی پێیدا ببات, بەهۆی گوتارەوە هەوڵدەدرێت کوڕ "بچوك" کۆنترۆڵ بکرێت و بەو ئاقارەدا ببردرێت کە ئەویتر "گەورە" دەیخوازێت, لێرەدا کوڕ تووشی شکست و بێبەشی دەبێت لەوەی دەیخوازێت, لەو شێوە ژیانە دووردەکەوێتەوە کە گەرەکیەتی, بەمەش لەلایدا پەرچەکردارێکی دەروونیانە دروست دەبێت, ئەویش هەڵگرتنی ڕق و کینەیە لەبەرامبەر گەورە, گوتار وەکو دەرەنجامێك یا پاشماوەیەك ڕقی تۆڵەسەندنەوە لە ناوەوەی کوڕ "لە ئێستای" هاوکێشەی گوتارەکە دەچێنێت, ئەویش بە ڕۆڵی خۆی ڕقی تۆڵەسەندنەوە لەنێو خۆیدا مەڵاس دەدات, و چاوەڕێی گەیشتن بە جەمسەری بەرامبەری هاوکێشەکە دەکات, واتا چاوەڕێی بوونە باوك دەکات لە"زەمەنێکیتر", تاوەکو لێیەوە بە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت و براکسیسی باوکایەتیانەی خۆی بکات, ئیدی ئەویش گوتار ئاراستەی بچوك بکات, هەر چەندە لێرەدا تێزێکی سۆسیۆلۆژی دێتە پێشەوە کە دەڵێت سیستەم و زەروریاتی کۆمەڵایەتی, ئەوە دەسەپێنێت کەسە بە تەمەن گەورەکان بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن گوتار ئاراستەی بچووك بکەن, ڕێنماییان بکەن, بەڵام ئایا گوتاری ئاراستەکار ئەگەر بەشێوەیەکی نێگەتیڤ بەکارهێنرا, یا ڕۆڵێکی نێگەتیڤانەی گێڕا پێویست بە بەردەوامپێدانی دەکات, ئەی عەقڵی مرۆڤ لەم کاتەدا ڕۆڵی چییە؟. عەقڵ پێویست دەکات

دیاردە نێگەتیڤەکان نەهێڵێت, بەڵام لە نائامادەمی عەقڵدا غەریزە ئیشی خۆی دەکات و ڕۆڵی خۆی دەبینێت, هەر بۆیە بەردەوامی پێدەدات.
بەکورتی گوتاری پیاوبوون لە سروشتی خۆیدا پەیوەست دەبێت بە ڕق و کینە, ڕق و کینە دینەمۆیەکی گەورەی بونیادنانی گوتار و بەردەوامبوونی دەبێت, هەر بۆیە گوتاریش ڕق و کینە و تۆڵەسەندنەوە بەرهەمدەهێنێتەوە, لێرەوە ڕق و تۆڵەسەندنەوە لەلایەکدا و گوتار لەلاکەیتردا دوو ڕووی ئاوێنەیی یەکترین, لە نێو هەر یەکێکیاندا بەسادەی وێنەی ئەویتر دەدۆزینەوە, لەنێو هەر لایەکیاندا ئەویتر ئامادەیە, هەر دووانەشیان یەکتری بەرهەمدەهێنەوە, بۆیە بوونی هەر کامیان ڕێخۆشکارە بۆ بوونی ئەویتر.
لەبەرئەوەی شێوازی باوی ژیانکردنی کۆمەڵگا هەمان شێوازی پێشووە و لەگەڵ بەسەرچوونی زەمەن گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کولتووری بەسەردا نەهاتووە, هەمان بەها و نۆرم و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی ئامادەیە, لەبەرئەوەی کوڕی دوێنی هاوکێشە لە باوکایەتیکردنی ئێستایدا هەڵگری جۆرێك لە مەعریفە و ڕۆشنبیری جیاواز نییە, هەڵگری دونیابینیەك و تێڕوانینێکی جیاواز لەنەوەی پێش خۆی نییە, بۆیە درێژە بەم ستایلی ڕەفتارکردنە دەدات لەم نێوانە پەیوەندیەدا, نەبوونی مەعریفەیك و ڕۆشنبیریەکی جیاواز لەوەی پێشوو وادەکات کوڕی دوێنێ و باوکی ئێستای هاوکێشەکە نەتوانێت ڕەفتاری خۆی لەم نێوانە پەیوەندیەدا بە ستایلێکیتر بگۆڕێت, نەتوانێت ڕەفتارێکی مرۆییانە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پێوەری مرۆڤدۆستی لەگەڵ کوڕ بکات, هەر بۆیە ئامادەنییە واز لە ڕۆحی تۆڵەکاری بهێنێت و زمانی لێکحاڵیبوون لەگەڵ "بچوك" پەیڕەو لێبکات, لە شوێنکاتی جیاجیادا بە گوێرەی پێویست گوتار بەڕووی کوڕدا بەرزدەکاتەوە و ئاراستەی دەکات, بۆیە گوتار دیاردە ئاسا بەردەوامی بەبوون و مانەوەی خۆی دەدات و پارێزگاری لێدەکات, هەر بۆیەشە ئێمە لە شوێنکاتی جیاجیادا گوێبیستی دەبین.
کوڕ لە سەرەتادا واتێدەگات گوتار سادە و لەسەرەخۆیە, بەڵام لەبەرئەوەی گوتار ئیشی خۆی لە ناوەوە "دەروون"ی کوڕ دەکات, ئەم ئیش لەسەرکردنەش لەگەڵ بەسەرچوونی زەمەندا کاریگەری دەبێت, چونکە پەیوەستە بەبێ بەشکردن و مەحرومکردنی مرۆڤ لە ئارەزوو و خواستەکانی, بۆیە کاریگەریش پلە بەپلە و خۆبەخۆ لە ناوەوەیدا گەورە دەبێت, تا دەگاتە ئاستێك ئیدی ئەگەری بەرزکردنەوەی بەڕووی کوڕدا ئەگەرێکی ڕێپێدراو و مومکین دەبێت, چونکە کوڕ چەندە لە دەرەوە چەندبارە گوتاری ئاراستە دەکرێت, ئەوا ئەوەندەش لە ناوەوە هەڵگری دەرەنجامی خەتەرناك دەبێت.
کێشەکە لەوەدایە کوڕی دوێنێی هاوکێشە بەهۆی گوتارەوە چەندە داخکراو و خەفەتبار و مەحرومە, ئەوا ئەوەندە زیاتر لە باوکبوونی ئێستای هاوکێشەکەیدا داخکار و خەفەتهێن و مەحرومکارە, چەندە توندڕەوی و لاملی و پەڕگیری لەسەرکراوە, ئەوا هێندە زیاتر توندڕەو و پەڕگیر و لامله و پێ لەسەر باوکایەتیکردنی خۆی دادەگرێت, چەندە دوێنێ لە کوڕبوونیدا زوڵملێکراو بووە, ئەوا هێندە زیاتر ئیمڕۆ لە باوکبوونیدا زاڵمە, چەندە لە ڕابردوو نیگەران و دڵشکاو بووە بەرامبەر بەوەی باوك نەیهێشتووە براکسیسی کوڕانەی خۆی بکات, ئەوا ئەوەندە

زیاتر له ئێستای باوکایەتیکردنیدا نیگەرانهێن و دڵشکێنەرە و ناهێڵێت کوڕ براکسیسی کوڕانەی خۆی بکات, ئا بەم شێوەیە نەوە دوای نەوە, شەپۆڵ دوای شەپۆڵ بەردەوامی و ڕۆح درێژییان بەم بیرکردنەوە و دونیابینینە و ژیانکردنە داوە, کە لەڕێگایەوە فەزای نوێبوونەوەی گوتار لە ئارادا دەبێت.

لێرەدا پێویستە بڵێین هەم تێفکرین و دنیابینی لەلایەك و هەم گوتاریش لەلایەکیتر, دوو کارگەی بەرهەمهێنن و دورستکاری یەکترین, واتا هەردوولا یەکتری بونیاد دەنێنەوە و فەزای هاتنەبوونی یەکتری خۆشدەکەن, گوتار فەزا بۆ ئەمجۆرە تێفکرین و دنیابینیە خۆش دەکات و ئەوەی دووەمیش جارێکیتر گوتار لەنێوی سەرهەڵدەداتەوە.

ئەگەرچی گوتار ڕق و کینە و تۆڵەسەندنەوە ستراکتوری کردووە, بەڵام شێواز و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی باوك لەنێو ڕووداوەکان و دیاردەکان دەگۆڕێت و ئاستی جیاجیای دەبێت, واتا نەرمی و توندی لەخۆ دەگرێت و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکیدی و لە شوێنکاتێکەوە بۆ شوێنکاتێکیدی جیاوازی هەیە, ئەمەش پەیوەستە بە گەورەیی و بچووکی, خەتەری و ناخەتەری دیاردەکە و چەندێتی نزیکبوونەوەی کوڕ لە شتە قەدەغە و تابۆکانی نێوی.

تاوەکو دیاردە "لە ڕوانگەی باوك" بچووك و سادە و بێبایەخ بێت, شوێنی سەرنج و قسەکردنێکی زۆر نەبێت, یا بەشێوەیەکیتر خەتەرناك و زەنگلێدەر نەبێت و خۆی لە حەرامە زۆر حەرامەکان و موقەدەساتە هەمیشە موقەدەسەکانی باوك نزیك نەکردبێتەوە, و نەبێتە هۆی تێکدانی ئارامی باوك و ئاژاوە نەنێتەوە, ئەوا شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی باوك لەگەڵ کوڕدا شێوازێکی نەرم و نیان و لەسەرەخۆ دەبێت "بەبێ لە بیرچوونی ئەوەی کە گوتار بۆ مەبەستی نەهێشتن و دووبارەنەکردنەوەی دیاردەکەیە", کەچی بەپێچەوانەوە لەگەڵ گەورەبوون و خەتەربوونی دیاردە و نزیکبوونەوەی لە حەرامە زۆر حەرامەکان و موقەدەساتە هەمیشە موقەدەسەکانی باوك, ئیدی شێوازی ڕووبەڕبوونەوەی توند و تۆڵ دەبێت و دەچێتە نێو قاڵبی چاوسوورکردنەوە و هەندێکجار لێدان و بەریەککەوتن.

ئەمە لە ڕوانگەی باوك, بەڵام لە ڕوانگەی کوڕ پرسەکە بەم شێوەیە نییە, بەڵکو ئەم هاوکێشەی بینین و مامەڵەکردنە گۆڕانکاری بەسەر دادێت, چونکە کوڕ لەگەڵ چەندێتی هێزی باوك مامەڵە دەکات, بەجۆرێك تاوەکو هێزی باوك زۆر بێت, توانای کۆنترۆڵکردنی دیاردە و کەسی دیاردەهێنی زیاتر بێت, ئەوا نەرمیەك و خۆشلکردنێکی زیاتری لەلا بەدیدەکرێت, و بەپێچەوانەشەوە تاوەکو هێزی باوك پەرچەهێز بێت و توانای کۆنترۆڵکردنی دیاردە و کەسی دیاردەهێنی کەمتر بێت, ئەوا توندییەك و خۆڕاگرکردنێکی زیاتری لەلا بەدیدەکرێت.

گوتار لە سروشتی خۆیدا هەوڵێکە بۆ بەیەکبەستن و لەحیمکردنی کوڕ لە باوك, هەوڵێکە بۆ تەسککردنەوەی مەودای نێوانیان, هەوڵێکە بۆ نەهێشتنی لادانی کوڕ, باوك ئەبەد ئامادەی دەستبەرداربوونی کوڕی نییە, مردن و کوشتنی کوڕی پێباشترە لە لادان لە خۆی, سەربڕین و بە قەنارەوەکردن و ئەتککردنی کوڕی پێخۆشترە لە لادان لە خۆی, گوتار بۆ دەستەمۆکردنی کوڕو نەهێشتنی لادان و زویربوونی ئاراستە دەکرێت, ئەمەش بەسەرێك لە سەرەکان یا بەوێنەیەك لە وێنەکان نزیکبوونەوە و ئاشتبوونەوە بەرهەمدەهێنێت, نزیکبوونەوەیەك و

ئاشتبوونەوەیەکی دوو جەمسەری, بەڵام لێرەدا ئاشتبوونەوە لەگەڵ پیاو دەبێت ئاشتبوونەوە بێت لەگەڵ گوتار, بەمانایەکیتر ئاشتبوونەوە لەگەڵ پیاو دەبێت نزیکبوونەوەی بێت لە خواستەکانی, یا لەو خواستانەی لەپێناویدا گوتار بەرزدەکرێتەوە, لەنێو ئەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا و بە ئامادەیی ئەم سیستەمی تێفکرین و مامەڵەکردن و ڕەفتارکردنەدا, مادام چەمك و گوتاری لەم چەشنە ئامادەیە, کەواتە مردن و نەمردن, مانەوە و نەمانەوە, ئامادەیی و نائامادەیی جەستەی باوك هەمان شتە, چونکە دواجار گوتار لە نەخشەی زەینی کوڕدا پانتاییەکی فراوان داگیر دەکات, و باوکێکی تارمایی ئاسا زەبەلاح بەرهەم دەهێنێت کە بەردەوام چاودێری دەکات, لێرەوە دەکرێت بڵێین سەروکاری گوتار, بەردەوام لەگەڵ چاودێریکردنی کوڕدایە, لەکوێدا کوڕ ئامادەبێت, لەکوێدا کوڕ جەستەی بجووڵێت, ئا لەوێدا گوتار بە شێوازی جۆراوجۆر بەڵام بۆ مەبەستی چاودێریکردن و کۆنتڕۆڵکردن ئامادەیە.

* * * *

## مێژوویی سەرهەڵدانی گوتار

لەبەرئەوەی گوتاری پیاوبوون دیدێکی پیاوانەی هەیە, مەبەست لە چاوێکی پیاوانەوە نیگا دەکرێت و لەویشەوە وابەستەییانە ئاراستەی ئەوانیتری نێو کۆمەڵگا "کوڕ" دەکرێت, کەواتە گوتارێکە پێویستی بە قۆناغێك و سەردەمێکی مێژوویی وادەبێت تیایدا سیستەمی زاڵ و باویی نێوی, سیستەمێك بێت پیاو تاکە دەسەڵاتدار و فەرمان بەدەست بێت, هەر ئەویش باڵادەستانە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای بەڕێوەبردبێت.

مێژوویی تۆمارکراوی ژیانی مرۆڤایەتی لە ڕیوایەتکردنی خۆیدا دەیگێڕێتەوە کە ئەو قۆناغ و سەردەمە مێژووییە دیاریکراوەی تیایدا پیاو بەشێوەیەکی دیار و حاشاهەڵنەگر خاوەنی دەسەڵاتێکی بێسنوور و تۆتالیتێری باڵادەست بێت, ئەوا قۆناغ و سەردەمی سیستەمی پیاوسالاریە.

لەبەرئەوەی پیاوسالاری وەکو قۆناغ ئەوەلین قۆناغە "دوای دایکسالاری" لەنێو پێکهاتی فراوانی کۆمەڵگادا ئامادەیی هەبێت و بەپێی داب و نەریت و نۆرم و مۆڕاڵ و یاسا و ڕێساکانی خۆی کۆمەڵگای بەرێوەبردبێت, دیسان لەبەرئەوەی ئەولین قۆناغیشە تیایدا پیاو دەسەڵاتی باڵاو گەورە بێت, بۆیە لەوە دەچێت گوتار سەرەتا لەنێو ئەم قۆناغ و سەردەمە مێژوویە هاتبێتەبوون, و لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەم ستایلی ژیانکردنە خۆی پێگەیاندبێت و ڕەگ و ڕیشەی خۆی لە هەناوی کۆمەڵگا داکوتا بێت.

دەکرێت ئامادەیی گوتار لەنێو قۆناغی پیاوسالاریدا بۆ هۆکارگەلێکی پەرچەکرداری کۆمەڵایەتیانە و سایکۆلۆژیانەی پیاو بگێرینەوە لە بەرامبەر قۆناغی دایکسالاری, چونکە وەکو دەزانرێت لەنێو ئەوی دووەمدا دایك دەسەڵاتداری گەورەبووە و وەکو مەرجەعێك و سەنتەرێکی بڕیاردەر لەنێو خێزان و کۆمەڵگا ڕۆڵیگێڕاوە, واتا شتەکان و پرسەکان بە ئیرادە و فرمانی ئەو بەڕێوەچووە, ئەمەش وایکردووە پیاو هەست بە بچوکی و خۆبەکەمزانی بکات, دەسەڵاتداریێتی دایك بەسەر خێزاندا وایکردووە پیاو خۆی بەبونەوەرێکی بێتوانا و بێئیرادە و دەستەمۆ بێتە

بەرچاو، ئەم بیرکردنەوە و تێفکرینەی پیاو دەبێتە هۆکارێك بۆ چاندنی چەندین گرێی دەروونی لە جەستەییدا.
لەبەرئەوەی پیاو جۆرێك لە ژیانی بۆ هەزم ناکرێت کە تیایدا خۆی بە کۆیلە و بێهێز بینیوە، بۆیە ئەبەد لە دەسەلاتکردنی خۆیدا لێناگەرێت یا ناخوازێت ئەمجۆرە ژیانە فۆرمۆلەکراوەی پێشوو جارێکیتر سەرهەلبداتەوە و زیندوو بێتەوە، هەروەها ناخوازێت بەرەو قۆناغێك بچێت ئافرەت ئەگەری هاتنەوە دەستی دەسەلاتی هەبێت، یا بەلایەنی کەمەوە بەرەو سیستەمێك بچێت ئافرەت لە پالێدا چانسی بەرێوەبردنی کۆمەلگا و خێزانی هەبێت، بۆ ئەمەش هانا بۆ هەموو ئەو رێگا و ئەگەرانە دەبات کە مەبەستەکانی بە واقیع دەکات و دەسەلاتی زیاتری لەلا کۆدەکاتەوە و پێگەی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئیداری تیا بەهێز دەکات "کە گوتار ناراستەوخۆ یەکێکە لێیانەوە"، ئەوەی لێرەدا پێویستە بووترێ ئەوەیە لە قۆناغی پیاوسالاریدا ژن بەتەنها بابەتی رووبەرووبونەوە و کۆنترۆلکردنی پیاو نەبووە، بەلکو وەچەکانیش "کور" لە هەمان خانەدا بوونە، بەلام لەبەرئەوەی کور هاوشێوەی ژن لە پێش قۆناغی پیاوسالاریدا "دایکسالاری - ماتریارکی" دەسەلاتی بەرێوەبردنی خێزان و کۆمەلگای نەبووە، بۆیە سەرەتا بابەتی رووبەرووبوونەوە لە چوارچێوەی ژن دەخولایەوە.
پێویستە بووترێ ئەم هاوکێشەیە و ئەم شرۆڤەکردنە لە ئێستای ئەو کۆمەلگایانەی سیستەمی زالی بەرێوەبردنیان پیاوسالاریە ناراستە، چونکە بابەتی رووبەرووبوونەوەی پیاو بە تەنها ئافرەت نیە، بەلکو نەوەکانیشە، بەلام لەبەرئەوەی پیاو پێیوایە بۆ ئەبەد دەسەلاتی لە ئافرت سەندۆتەوە و کردوویەتی بەبوونەوەرێکی زەلیلی بێئیرادە و بێتوانا، پێیوایە ئافرەت چیتر ئەگەری سەر بلندکردنەوە و وەرگرتنەوەی دەسەلاتی بەرێوەبەردنی کۆمەلگای نیە، ناتوانێت پێگەیەکی کۆمەلایەتی پتەو بۆ خۆی بوونیاد بنێت و رۆلی کۆمەلایەتی گەورەش بگێرێت، بۆیە تەحویلی سەر نەوەکان "کور" بووە، ئیدی شەرەکانی خۆی لەگەل دەکات، رێك ئا لێرەدا پیاو جارێکیتر پێویستی بە بوون و ئامادەیی گوتار دەبێت بۆ ئەوەی رووبەرووبونەوەی خۆی پێ بکات.
بەکورتی ئەوەی بۆ ئەم خوێندنەوەیە جۆرێك لە سوودمەندی دەگەیەنێت و لێرەدا پێویستی بە جەخت لێکردن هەیە ئەوەیە بلێن سەرەتای سەرهەلدان و هاتنەبوونی گوتاری پیاو بوون پەیوەستی قۆناغ و سیستەمی پیاوسالاریە.

*   *   *   *

## پێوەرەکانی گوتار

بێگومان پێناساندنی گوتار و روونکردنەوەی چۆنیەتی ئیشکردن و دیاریکردنی مەبەستە دیار و نادیارەکانی، رێگا خۆشدەکەن بۆ قسەکردن لەسەر پێوەرەکانی گوتار، هەروەکو چۆن گوتار یەکلایەنە پەیوەستە بە ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی باوك، بەم چەشنەش پێوەرەکەی پەیوەستە بە چۆنیەتی تێفکرین و چیەتی ئیرادەی باوك، لەراستیدا پێوەری گوتار کوری

پۆلینی سەر دوو پۆل کردووە, کوڕی دابەشی سەر دوو کلاس و دوو ئەگەر کردووە, ئەوانیش "باش .. خراپ, پیاو .. ناپیاو, فریشتە .. شەیتان...هتد", لەنێو کۆمەڵگادا بەهۆی پێوەر بەدەر لەم دابەشکردن و پۆلینکردنەی سەرەوە شوێنێکیتر نییە بۆ کوڕ, واتا شوناسی کوڕ یا ئەوەتا چاکەکارە.. یاخراپەکار, یا پیاوە.. یا ناپیاو.

حوکمکردنی پێوەر  بە جیهانبینی و حەز و میزاجی باوك لەلایەك, چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن و ڕەفتارکردنی کوڕ لەلایەکیتر بەستراوەتەوە, ئەگەر کوڕ لەنێو ژیانیدا هەوڵی بەرجەستەکردنی خواست و پێداویستیەکانی خۆیدا, بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئارەزوو و حەز و پێداویستی و بەرژەوەندیەکانی باوك, ئەوا " لە ڕوانگەی باوك" خراپەکار و ناپیاوە, بەڵام بە خۆلادان و پشتگوێخستن و بنگۆمکردنیان, ئەوا چاکەکار و پیاوە, لێرەوە بەپێی پۆلینی پێوەر, خراپەکار و ناپیاوی ئەوەیە کوڕ بۆ خۆی بژیت و کار بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی خۆی بکات, کەچی بەپێچەوانەوە چاکەکار و پیاوی ئەوەیە کوڕ بۆ باوك بژیت و لەپێناو دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی ئەو کار بکات, کەواتە باش و خراپی یا پیاو و ناپیاوی کوڕ لەوێوەیە تاچەند ئیش بۆ خواست و ئامانجەکانی باوك دەکات.

هەروەکو ئاماژەمان بۆکرد حوکمی پێوەر چەندە پەیوەستە بە کارکردنی کوڕ, چەندە کارکردنی کوڕ ڕۆڵی تیادەبینێت, ئەوا هێندەش پەیوەستە بە زەوق و میزاجی باوك, لای پیاو ئاسانە کوڕ بهاوێتە نێو هەر قالب و جەمسەرێك, ئاسانە لە هەر کاتێکدا بیەوێت حوکمێکی بەسەر بدات و "پیاو .. ناپیاو" و "شەریف .. ناشریف"ی بکات.

دەرچوونی بڕیاری پێوەر فلاشئاسا لە ناکاو و کتوپڕە, بەڵام تەمەنی ئیشکردنی درێژخایەن و نەگۆڕە, بڕیاری پێوەر زۆر ڕەهایانە و توندڕەوانەیە, بە جۆرێك هەر ئەوەندە حوکمێك بەسەر کوڕ بدرێت بۆ خستنە نێو ڕیانێکی دوو ڕیانەکە, یا کلاسێکی دوو کلاسەکە, ئیدی هەموو هێزی دونیا ناتوانێت ئەو حوکمە ڕەشبکاتەوە و کاریگەریەکانی نەهێڵێت بە ئاوارتەی "ئەو ساتانەی کە دبلۆماسیەتی باوك پێویستی پێیەتی".

کوڕ بە هەر لادانێك لە یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگا, بەهەر پرسیارکردن و گومانکرنێك لە کردەکانی باوك, بە ڕەفزکردنەوەی هەر عورفێك و عادەتێکی باو, بە لەبەرچاونەگرتنی هەر نۆرمێك و ئەخلاقیاتێکی باو, بە پشتگوێخستنی هەر بەهایەك و تەقالیدێکی باو, ئەوا شوناسی خراپەکار و ناپیاو وەردەگرێت, بەپێچەوانەشەوە شووناسی بەرامبەر وەردەگرێت, ئینجا هەر ئەوەندە کوڕ بڕیاری ناپیاوبوونی بەسەردا بدرێت و شوناسی خراپەکار وەربگرێت, ئیدی یەکراست وێنەکەی تەحویلی سەر وێنەی شەیتان دەکرێت, و لەگەڵیشیدا وەکو خەڵاتێك سیفەتی مەلیکەتاوسی پێدەبەخشرێت و مۆری ئیبلیسی بەنێو چاوانیەوەی دەنرێت, هەر کاتێك کوڕ ئەوە نەبێت کە باوك دەیەوێت, ئیتر باوك بۆ بە شەیتان پەخشکردن و بلاوکردنەوەی وێنەی ئەو کار دەکات, بۆ ئەم مەبەستەش باوك هانا بۆ میدیاکانی دەبات, چونکە میدیاکانی باشترین ئامرازن تاوەکو تیایدا چەقی قورسایی ڕێکلامەکانی لە خزمەت دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی بەکاربهێنێت و مەبەستەکانی پێ بپێکێت, لەسەر کوڕە مۆنۆپۆلکراوەکانی

"خێزان – خێل – کۆمەڵگا " ئەوەیە بە بڕیارەکانی ڕازیبن و کوڕی حوکم لەسەر دراو بە نەفرەت و بە لەعنەت بکەن, لەنێو ئەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا بە لەعنەتکردنی مرۆڤ زۆر ئاسانە, چونکە لە پێش ئەمەدا بە شەیتانکردنی ئاسانە, دیارە "شەیتانکردن .. لەعنەتکردن" دوو کردەی پێکبەستن, ئەوی دووەم لە ئەنجامی بوونی ئەوی یەکەمەوە دێتەبوون, یا کاردانەوەیەکی توندی ئەوی یەکەم دەبێت, لەعنەتکردنی کوڕ لەلایەن کۆمەڵگا پڕسوودە بۆ باوك, هەر بۆیە باوك مەبەستێتی پرسەکە بەم ئاقارە بگەیەنێت.
وتمان بە لەعنەتکردنی ئاسانە چونکە بە شەیتانکردن ئاسانە, بە شەیتانکردنی کوڕ کارێك نیە پێویستی بە گونگرەیەك و کۆبوونەوەیەکی دەستەجەمعی هەبێت, کارێك نییە دانیشتن و کۆبوونەوە و سیمیناری فکری و فەلسەفی گەرەك بێت, بەڵکو کارێکە لەنێو دیوەخانەی باوکدایە و تەنها پێویستی بە زەوق و میزاجی هەنووکەیی باکەوە هەیە, تەنها پێویستی بەوە هەیە بەرژەوەندیەکی باوك دەستی بۆ ببردرێت, یا کارێك بکرێت لە دەرەوەی خواستی باوك, تاوەکو بڕیارێکی خێراو بە پەلە بەسەر کوڕدا بدات.
باوك زۆر ئیشی بەوەیە کوڕی بە ئیرادەی خاوەن حەز بە شەیتان پێناس بکات, کوڕی چاوکراوەی پرسیارکار و گومانکار بە لادەر و ئیبلس بشوبهێنێت, چونکە دەزانێت وێنەی شەیتانی نێو تێکستە ئایینەکان لەنێو نەخشەیی زەینی کۆمەڵگادا چەندە دزێو و قێزەوەنە, دەزانێت مەعریفەی ئاینی بەشێکی زۆری مەعریفەی تاکەکانی کۆمەڵگای پێکهێناوە, کە ئەم مەعریفەیەش مرۆڤ تەیار دەکات بە دژی شەیتان و کردەوەکانی, بەردەوام شەیتان ئەو بووەیە کە دەبێت مرۆڤ ڕقی لێ بێت و بە نەفرەتی بکات و بە دوای کردەوەکانی نەکەوێت, بۆیە دەخوازێت کوڕی لادەریش بەهەمان شێوە بشوبهێنێت, تاوەکو دواجار بەهۆیەوە کۆمەڵگا وێنەی کوڕەکە هاوشێوە شەیتانی نێو تێکستە ئاینیەکان ببینێت, ئەگەرچی باوك زۆر جەخت لەسەر پرسی بە شەیتان شوبهاندنی کوڕ دەکات, بەڵام ئەم وێنەیە تاکە وێنە نیە کە هەوڵی بۆ دەدات لە پشتیەوە وێنەی کوڕی پێناشیرین و دزێو بکات, بەڵکو هانا بۆ هەموو ئەم وێنانەش دەبات کە خزمەت بە خواستەکانی ئەو دەگەیەنێت و لە نێوان نەخشەی زەینی کۆمەڵگادا وێنەیەکی عەیبدار و دزێوی هەیە.
شوێنی لێدوانە باوك لێرەدا لە چەشنی خودا مامەڵە لەگەڵ کوڕ دەکات, چۆن خودا وێنای شەیتان دەکات, ئینجا داوا لە بەندەکانی دەکات لێی دووربکەوێتەوە و بە دوای کارەکانی نەکەوێت و ڕاسپاردەکانی جێبەجێ نەکات, بەم شێوەیەش باوك کوڕ بە شەیتان دەشوبهێنێت, ئینجا داوا لە کۆمەڵگا و کوڕەکانیتری دەکات لەم کوڕە دووربکەونەوە و بەدوای کارەکانی نەکەون و ڕاسپاردەکانی جێبەجێ نەکەن, باوك کوڕ بە شەیتان دەشوبهێنێت تاوەکو کوڕەکانیتر گوێیان لە خزمەتی دەنگی کوڕی بە شەیتانکراو ڕانەگرن و هاوشێوەی ئەو مامەڵە نەکەن, واتا ڕێگای لادەر نەگرنەبەر و بۆ خۆیان نەژین و کۆت و بەندی دەستەمۆیی نەپسێنن.
بەکورتی ئەوەی لەم تەوەرەیەدا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە پێوەری گوتار بڕیاریی خۆی لەنێو نیگاکردن و بیرکردنەوە و زەوق و میزاجی باوەکەوە داوە, بۆیە ئەگەر کوڕ ئامادەیی

ژیانکردنی لەنێو فۆرمە کۆن و دێرینەکانی ژیاردا هەبێت, ئەگەر ئامادەیی ژیانکردنێکی کلاسیکیانە و تۆز لێنیشتویانەی زەمەنە تاریەکەکانی لەوەوپێشی هەبێت, ئەگەر ئامادەبێت بۆ خۆی نەژیت و حەزەکانی بخنکێنێت و ئیرادەکانی سەرببرێت, ئەگەر ئامادە بێت بۆ باوك بژیت, ئەگەر قبولی بێت ببێتە گەمۆکەیەك بە دەستی باوکەوە و شەق شەقانێی پێبکرێت, ئەگەر قبولی دەستەمۆبوونی هەبێت و ئەرێیانە ئامادەیی سەرلەقاندن و مولتەزیمبوونی هەبێت لە بەرامبەر کۆی بڕیارەکانی باوکدا, ئەگەر......هتد, ئەوا فریشتە ئاسا کوڕێکی باش و پیاو و شەریفە, بەڵام بە دیوی ئەو دیودا و بە ئامادەنەبوون و قبوڵنەکردنی ئەمانەی سەرەوە, ئەوا کوڕێکی ناباشا و ناپیاو و ناشەریفە.

*  *  *  *

## عەقڵانیەتی گوتار

لە سەیرکردنمان بۆ تەرکیبی گوتاری پیاوبوون ڕووبەڕووی چەمکی "پیاو" دەبینەوە, ئەو پیاوەی خۆی وەکو گیانلەبەرێکی پیرۆز نمایش دەکات و بوونی خۆی لە بوونەوەرە مرۆییەکانیتری نێو کۆمەڵگا "ژن و کچ و کوڕ ...هتد" جیادەکاتەوە, هەروەها لەسەیرکردنمان بۆی ئەوە بەدیدەکەین کە هەڵگری قورساییەکی بێوێنەیە لە حەز و ویست, لە دونیابینی و تێفکرینی تایبەت بە پیاو, کەواتە گوتارماڵێکی تایبەتی هەیە لە دەرەوەی ماڵی سەرجەم بوونەوەرەکانیتری ناو کۆمەڵگا, چوارچێوەیەك و سنورێکی دیاریکراو و سەربەخۆی هەیە لە دەرەوەی چوارچێوە و سنوری کۆمەڵگا, ناوەڕۆکێکی پەیوەست بە خۆی هەیە جیا لەسەرجەم ناوەرۆکە پەیوەستدارەکانی کۆمەڵگا.

لەنێو گوتاردا پیاو خۆی لە سەرجەم بوونەوەرە مرۆییەکانیتری کۆمەڵگا جیاکردۆتەوە, بەڵام لێناگەڕێت ئەوان لەو جیاببنەوە, بەهۆی گوتارەوە پیاو ژیانی خۆی لەوانیتری نێو کۆمەڵگا جیادەکاتەوە, بەڵام لێناگەرێت ئەوان ژیانی خۆیان جیابکەنەوە, خۆی بەسەر کۆمەڵگا دەسەپێنێت, بەڵام لێناگەرێت ئەوانیتر جگە لە بەپاشکۆ ژیان و کۆیلایەتی و پەراوێزی بە هیچ چەشنێکیتر بژین, پیاو سەربەستبوون و ئازادبوون بۆ خۆی دەخوازێت, بەڵام بە سەربەستبوون و ئازادبوونی بوونەوەرە مرۆییەکانیتری ناو کۆمەڵگا قەڵسە, پیاو قبووڵیەتی ئەوانیتر کەلوپەل بن, بەڵام قبووڵی مرۆڤبوونیانی نیە, لێرەوە گوتاری پیاوبوون گوتارێکی غەریب دەبێت بە جەستەیی مرۆڤایەتی, چونکە دەخوازێت مرۆڤایەتی لە مرۆڤ "کوڕ" دابماڵێت و جەستە خاڵیبکاتەوە لە ئارەزوو و خواست و پێداویستی و بەها مرۆڤایەتیەکانی.

وەکو لەوەوپێش ئاماژەمان بۆکرد گوتاری پیاوبوون گوتارێکی ڕێنمایکار و چاودێریکارە, گوتارێکە لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە, لەگەڵ هەر جوڵەیەك. قسەیەك. چالاکیەك. ئامادەیە, بەردەوام پێت دەڵێت "وامەبە...وامەکە" بەڵکو لەبڕی ئەودا "وابە...وابکە", گوتار دەڵێت ئەوەی خۆت دەیخوازیت "ئەو مەبە...ئەو مەکە", بەڵکو ئەوەی من دەیخوازم "ئەوبە...ئەوبکە", بەمەش گوتار بەردەوام لە هەوڵی چاندنی تۆڕێکی دوور و درێژی سانسۆر دەبێت لە چوار دەوری حەز و ویستی کوڕ, لە هەوڵی تەسکردنەوە و تەڵغکردنەوەی ژیان دەبێت, لە هەوڵی

دانانی سنور و حەرامی جیاجیا دەبێت لەبەردەم کوڕدا, بەمەش گوتار خەباتە بۆ بە دیلکردن و بە بەندەکردنی کوڕ, خەباتە بۆ باوکپەرستی کوڕ, باوك دەیەوێت کوڕ بیپەرستێت و لە ژێر فەرمانەکانی دەرنەچێت, لێرەشدا گوتار دەبێتە گوتاری تاکپەرستی و ڕەگەزپەرستی.

ئاشکرایە گوتاری تاکپەرستی یا ڕەگەزپەرستی لە سروشتی خۆیدا "بڵند .. نەوی, سەنتەر .. پەراوێز, پیرۆز .. ناپیرۆز, سەردەست ..ژێردەست...هتد" دروست دەکات, بەمەش کۆمەڵگا دابەش دەکات و مرۆڤایەتی تەسك دەکاتەوە سەر تاك یا ڕەگەزە جیاوازەکان, گوتاری تاکپەرستی یا ڕەگەزپەرستی بەردەوام کۆمەڵگا تەسك دەکاتەوە سەر تاکە یا ڕەگەزە پەیوستدارەکەی خۆی, بڵندی و پیرۆزی و سەروەری پێدەبەخشێت, بەپێچەوانەشەوە بۆ لایەنی بەرامبەر, لێرەدا بەهۆی گوتارەوە باوك خۆی وەکو بوونەوەرێکی بەرز و موقەدەس نمایش دەکات کە شایانی پەرستن و عیبادەت بۆکردنەوە, کوڕیش ڕووبەڕووی ئەم پەرستن و عیبادەت بۆکردنە دەکاتەوە.

بەهۆی گوتارەوە کوڕ دابەشی دوو بەش دەبێت, بەشێکی دەستەمۆ دەبێت و دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی باوك, بەهیچ شێوەیەك لە فەرمانەکانی باوك دەرناچێت, تەنها بۆ حەز و ئیرادە و داخوازیەکانی ئەو کار دەکات, بەمجۆرە دەبێـە کوڕێکی باوکپەرست, باوك دەبێـە نموونەی باڵای کوڕ " ئەمە ڕێژەیەکی زۆرە", بەشەکەیتر ئەوەیە دەستەمۆ نابێت و ناکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی باوك, لە فەرمانەکانی دەردەچێت, بۆ حەز و ئیرادەی خۆی و ئەوانیتر کار دەکات, بۆ مرۆڤبوونی خۆی و ئەوانیتر کار دەکات "ئەمە ڕێژەیەکی کەمە", بەمجۆرە دەبێتە کوڕێکی هیومانیخواز, کەواتە بەهۆی گوتارەوە کوڕ پۆلێن دەکرێتە سەر دوو پۆل, یەکێکی مرۆڤدۆست و یەکێکی باوکدۆست, کوڕێکی مرۆڤپەرست و یەکێکی باوکپەرست, کوڕێکی کۆمەڵ ویست و یەکێکی باوك ویست, دیارە هەریەکێك لەم دووانە دنیابینی و تێفکرینی تایبەت بەخۆی هەیە.

باوکپەرست پێی وایە مرۆڤپەرست پیس و نەگریسە, مرۆڤپەرستیش نیگەرانە لە بەرامبەر ئەم وێناکردن و بیرکردنەوەیەی باوکپەرست و پێیوایە عەقڵ لەنێو کەللەسەری هەیکەلیدا نیە. لەنێو خەیاڵی باوکدۆستدا وێنەیەکی کوشندە و ترسناك لە بەرامبەر مرۆڤدۆست هەیە, لە نێوان خەیاڵی مرۆڤدۆستیشدا وێنەیەکی کوشندە و ترسناك بۆ باوکدۆستی هەیە. تاکپەرست نیگەران و ناڕەحەتە بە بوونی کۆپەرست, بەپێچەوانەشەوە کۆپەرست نیگەرانە لە بەرامبەر تاکپەرست. باوکپەرست وەك خائین و خۆفرۆش و بێدەروەست سەیری مرۆڤپەرست دەکات, کەچی مرۆڤپەرست وەکو کەسێکی گوناه و نامۆ بە ژیانی مرۆڤایەتی سەیری باوکپەرست دەکات, باوکدۆست خۆی وەکو موحافزکارێکی تەقلیدی و بە ئەخلاق و بەشەڕەف دادەنێت, کەچی ئەویتر وەکو لادەرێکی نامۆ و بێئەخلاق و بێشەرف دەشوبهێنێت, مرۆڤپەرست خۆی بە بوونەوەرێکی نوێخواز و عاقڵ دادەنێت و ئەویتریش بە کۆنزەرڤاتیڤ و ناعاقڵ. باوکپەرست خۆی بە خەباتگێرێکی نەبەرد و خاوەن هەڵوێست دادەنێت, کەچی ئەویتر بە بەکرێگیراو و ترسنۆك و بێهەڵوێست دەشوبهێنێت.

بەکورتی لێرەدا من مەبەستم ئەوە نیە خاڵە جیاوازەکان و بینینە جیاوازەکانی هەردوولا دەشتنیشان بکەم, بەڵکو ئەوەی گەرەکمە بیلێم ئەوەیە گوتاری پیاوبوون مرۆڤایەتی دابەشدەکات, جیاوزای دروست دەکات لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا, ئیش بۆ باوکپەرستی دەکات, بۆیە دەکرێت بڵێین ئەمە گوتارێگە لەنێو خانەی ناعەقلانی و ناهیوماندایە, چونکە هەر گوتارێك هیومانیەت دابەش بکات بەو مەبەستەی تاکێك یا بەشێکی کۆمەڵگا "پیاو" بەسەر ئەوانیتر بسەپێنێت, یا هەوڵبدات تاکێك یا بەشێکی کۆمەڵگا بباتە سەرەوە و بەرزە مرۆڤبوونیان پێببەخشێت, و ئەوانیتریش لەژێر قاچیاندا بپڵیشێنێتەوە و نامرۆڤبوونیان پێببەخشێت, یا هەوڵبدات هەموو شتێك بە تاکێك یا بەشێك ببەخشێت و هەموو شتێکی لەوانیتر بسەنێتەوە, ئەوا گوتارێگی نالۆژیکی و ناعەقلانیە و ناهیومانی, چونکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گردبوونەوە و کۆبوونەوەی تەنها تاکێك یا بەشێك نیە, تاوەکو دواجار بێن خوایانە گوتارێکی وابەستەیانە دابتاشن و ئاراستەی ئەوانیتری نێو کۆمەڵگای بکەن, ئەوانیتریش ئەرێیانە تەنها پراکتیزەکردنیان لەسەر بێت و هیچیتر, لەبەرئەوەی گوتاری پیاوبوون ئیش بۆ حەزی تاکێك یا بەشیك دەکات, لەبەر ئارەزووی تاکێك یا بەشێکی کۆمەڵگا ئارەزووی ئەوانیتر پشگوێدەخات, لەبەر ویستی کۆمەڵێکی بە ژمارە کەمتر ویستی کۆمەڵێکی بە ژمارە زۆرتر فەرامۆش دەکات, ئەو کۆمەڵەیەی کە دەکرێت بتوانێت لە ئێستای کوڕایەتی و گەنجایەتی خۆیدا گۆڕانکاریەکی هەم جەوهەری و هەم ڕووکەشی بە کۆمەڵگا ببەخشێت و مێژوویەکی تازە و ژیانێکی تازە بە پاڵپشتی جیهانبینیەکی هاوچەرخ و مۆدێرن, بە پاڵپشتی مەعریفەیەك و لۆژیکێکی مرۆییانەتر, لە تەنیشت لاپەڕە مێژووییە قێزەوەنە نا مەعریفی و نالۆژیکیەکانی پێشوو تۆمار بکات و ڕێڕەوێکیتر و فۆرمێکیتر بە ژیان ببەخشێت, کەواتە گوتاری پیاوبوون گوتارێکی نالۆژیکی و ناعەقلانی و ناهیومانیە.

* * * *

ئەنجامگیری

گوتاری پیاوبوون گوتارێکی باوی نێو کۆمەڵگایە, لە چەمکێکی باوی نێو بواری کۆمەلایەتی وەرگیراوە, پەروەردەکرنی کۆمەلایەتی مەبەستدارانە هەڵیقۆزتۆتەوە, وەکو ئامرازێکی زەبتکردن لە بواری جیاجیادا بەکاریدەهێنێت بۆ مەبەستی جیاجیا, لەوانە نەهێشتنی لادانی تاك یا گروپ, بەردەوامیدان و چەقبەست پێکردنی ستایلێك و فۆرمێك لە ژیانکردن.

گوتاری پیاوبوون لە چاوێکی پیاوانەوە وێناکراوە و هەر لەلای پیاویشەوە ئاراستە دەکرێت, گوتار ئایدیایەك و نەزعەیەکی ڕەگەزپەرستانە بوونیادی ناوە, لە خزمەتی فەرزکردنی حەز و خواستی بوونەوەرێکی مرۆیی"پیاو" نێو کۆمەڵگا, بەسەر حەز و خواستی سەرجەم بوونەوەرە مرۆییەکانیتر " ژن, منداڵ, کوڕ, کچ.." بەکاردەهێنرێت, هەر بۆیەشە گوتارێکی ناهیومانی و نالۆژیکی و ناعەقلانییە.

گوتار لەنێو بوونەوەرە مرۆییەکاندا زیاتر ئیش لەسەر کوڕ دەکات, یا ڕووبەڕووی کوڕ دەکرێتەوە, ئەمەش بۆ دەستەمۆکردن و کۆنترۆڵکردنی, دواجار گوتار بۆ دووبارەکردنەوەی وێنەی باوك لە کوڕدا ئاراستە دەکرێت, بۆ وەك باوك لێکردنی کوڕ ئاراستە دەکرێت.

واباشە دەسەڵاتی کوردی ئەو گوتارە ئاراستەی گەنج و کوڕەکانی کۆمەڵگا نەکات, ئیش بۆ وەك خۆلێکردنی کوڕ نەکات, بەتایبەتی ئەگەر خۆی باوکێکی ناشرین و دزێو بێت, تکایە با کوڕەکان و گەنجەکان هاوشێوەی خۆیان ناشیرین و دزێو نەبن.

ئۆکتۆبەری 2001